دادگای دەک سێ ساڵ سزای زیندانی بەسەر ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد سپاند

ئەمڕۆ دووشەممە 29ـی تەممووزی 2024، دادگای دەک سزای سێ ساڵ زیندانیکردنی بەسەر ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد ڕۆژنامەنووسی ئاژانسی (ڕۆژ نیوز) سپاند.

بەپێی زانیارییەکان، دادگای دەک ڕێگەی نەداوە نوێنەری یەنامی بەشداری دانیشتنێکە بکەن کە ئەمڕۆ دووشەممە بەڕێوەچوو.

هاوکات، بڕیارە کەمکی دیکە لەبەردەم دادگای دەک کێنگرێیکی ڕۆژنامەنووسی لەلایەن کەس و کار و پارێزەران و نوێنەری یەنامی ئەنجام بدرێت.

زانیاری زیاتر...

هەواسازی بەشی عەرەبی ئاژانسی ڕۆژنیوز، ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد کە خەکی عەفرین-ی ڕۆژئاوای کوردستانە ڕۆژی (1ـی تشرینی یەکەمی 2023)، بە سەردان و دیدار لەگەڵ بنەماڵەکەی چووبوو گەڕەکی شێخ مەقسودی شاری حەلەب لە سوریا و لەدوای گەڕانەوەی لە ڕۆژی 25ـی تشرینی یەکەمی 2023 کاتێک دەیویست لە دەروازەی فیشخابورەوە بگەڕێتەوە بۆ هەرێمی کوردستان بە کارەکەی لە سلێمانی، لەلایەن ئاسایشی دەک ڕفێندرا و دوای زیاتر لە حەوت مانگ پاڕێزرانی توانیان چاویان پێی بکەوێت.

ئەو رۆژنامەنووسەی ڕۆژئاوای کوردستان کە لە سلێمانی کار دەکات، ماوەی نۆ مانگە لەلایەن ئاسایشی دەڤەرەوە تۆمەتی پەیوەندی لەگەڵ پارتی کرێکارانی کوردستان دەستگیرکراوە.

پێشتر ئاژانسی ڕۆژنیوز کە ڕۆژنامەنووس سلێمان ئەحمەد تێیدا کاری دەکرد، پارتی دیموکراتی کوردستانی تۆمەتبارکرد بە هەڕەشەدانی ئەو ڕۆژنامەنووسە بۆتۆمەتی ناڕەوا و بەبێ هیچ بەڵگە و سەلامەتی ئەو ڕۆژنامەنووسە خستەپاڵ ئاسایشی دەڤەرەکە کە بە "ئاسایشی پارتی" وەسف کرد.